# سەرکەوتنی ناڕەزایەتی یە جەماوەریەکانی کوردستان، لەگرەوی چیدایە؟


عبدالله مەحمود

abdulla.mahmud@gmail.com


ناڕەزایەتی جەماوەری لەکوردستاندا، بەدژی تالآنی و دزی، بەدژی گەندەڵی ئیداری و فەسادی ئابوریدا، بەدژی تیرۆری ئابوری کۆمەڵگادا، قوڵب ئەدات. خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، مانگرتن‌و خۆپیشاندانی مامۆستایان، خوپیشاندانی خەڵکی ڕانیە و پاشان کەلار، هەڵچونی ئەو قولپی نارەزایەتیە بوو. ئێستاش خۆئامادەکردنی خەڵکی شاری سلێمانی و شوێنەکانی تری کوردستان‌و پێکهاتنی چەندین ڕێکخراوی جۆراوجۆرو هەڵسورانیان لە ژێرناوی "کۆمەڵەی گۆران""لیژنەی هاریکاری""کۆمەڵەی بەمەدەنیکردن""دەستەی داکۆکیکردن لە خواستەکانی خەڵك"........تاد، هەمویان بەمەبەستی سازدانی خۆپیشاندانی جەماوەری‌و رابەریکردنی ئەم نارەزایەتیە جەماوەریانە، بەدژی ئەو دزی و ڕاو ڕوتە ئاشکرایەی ئەوسەرەکەی دیارنیە، پێکهاتون و پێکدین.

دیارە دزی و فەسادی ئیداری دیاردەیەکی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداریە، کەم دەوڵەت و وڵات لەدنیادا هەیە، فەسادو گەندەڵی ئیداری تێدا نەبێت، بەڵام ئەوەی کە کوردستان لەو کۆمەڵگایانە جیا ئەکاتەوە بەجیا لە پەیوەندی زاڵمانەی نێوان ئینسانەکان و گەورەبوونی قڵشتی نێوان نەداران و داراکان، بوونی تایبەتمەندیەکی ترە، کە لەدنیادا بێ وێنەیە.

کۆمەڵگای کوردستان، تائێستا کۆمەڵگایەکی بێسەرەوبەرەو بێناسنامەی وڵاتیە، تائێستا کۆمەڵگایەکی سەرگەردان‌و بێدەوڵەت‌و بێ یاسایە، شتێك لەوکۆمەڵگایەدا بەناوی حکومەت و دەوڵەت وەیاسا بونی نی یە، ئەوەی کەبە ناوی حکومەت"دووحکومەت" ئەوەی کەبە ناوی یاسا"چەند یاسا" قوتکراونەتەوە، هیچ نین جگە لە بارەگاو یاسای حزبی، کە سەرپۆشی ئیدارەو حکومەتیان پێدادراوە.

لەکوردستان دەسەڵات میلیشیایی یە، تایبەتمەندیەکی دەسەڵاتی میلیشیایش، لەلایەکەوە کێشمەکێشی نەبراوەیە لەسەر قەڵەمڕەوەی دەسەڵات، لەلایەکی تریشەوە قۆرغکردنی داهاتی جغرافیای ژێردەسەڵاتیانە. لە ژێرسایەی دەسەڵاتی میلیشیایدا سەرمایەدار خودی رەئیس و ئەقوامی میلیشیاکانن، کەس لەدەرەوەی دەسەڵاتی میلیشیاییدا ناتوانی سەرمایەداربێت، ئەوەی ئێستا لە کوردستان ئەگوزەرێت، لە واقیعدا فەسادی ئیداری و گەندەڵی حکومەت نیە، چونکە نەحکومەتێك لە ئارادایەو نەئیدارەیەکی یاسایی کۆمەڵگا. ئەوەی لە کوردستان ئەگوزەرێت، دزین و بەتاڵانبردنی داهاتی هەموو خەڵکە لە لایەن دەسەڵاتی دوومیلیشیای چەکدار، ئەمە نزیك بە پانزە ساڵە مافیاکانی میلیشیا، قۆرغی هەموو شتێکی ئەم کۆمەڵگایەیان کردووە، هەموو خزمەتگوزاریەکی تەرفیهی و تەندروستی، خوێندن و پەروەردە، سەفرەو سیاحەت، خانوبەرەو پێداویستیەکانی، ئاووکارەبا، ڕێگاوبان، .......هەمووی یان راستەوخۆ دەسەڵات یان کەسانی سەر بەو لێ ی بەهرەمەندن. و هەرکەسێك لەدەرەوەی ئەم دوومیلیشیایە خاوەنی سەروەتبێت، یان دەکەویتە بەرهەشەو یان دەبێ سەرمایەکەی بکات بە بەشێك لە پرۆژەی سەرمایە گورزاری دەسەڵاتی میلیشیایی.

ئێستا ئیتر باسی دزی و تاڵانی لەلایەن خەڵکەوە هەرقسەو باس نیە، خەڵك هاتونەتە سەرجادەو خۆپیشاندان ئەکەن و دەسەڵاتیش بە هەرەشە و سەرکوت و زیندان، گوللە وەڵامدەداتەوەو داویەتەوە. هاوکاتیش رادەی دزی و تاڵانیەکە بە ئەندازەیەکە کە دەسەڵاتیش نەك بۆ سنوربۆدانان بەو دزی و تاڵانیە، بەڵکو بەمەبەستی خامۆشکردنەوەی ناڕەزایەتی هەموو ڕۆژە، دەڵێن ڕاستە دزی و فەسادی هەیە، و پاکسازی ئەکەین، ئاڵۆگۆر لە پۆستەکاندا بەدیدێنین و لیژنەی تایبەت بۆ بەدواداچونی خواستەکانی خەڵك پێکدەهێنین!!

چ بێشەرمیەکە؟ خواستەکانی خەڵك وەکو مانگ ڕۆشنن، کوا ئاوو کارەبا؟کوا شوێنی نیشتەجی بون؟ کوا خزمەتگوزاری؟ کوا ڕێگاو بان؟ کوا ئازادی ڕادەربرین و خۆپیشاندان و مانگرتن و ئازادی هەڵسورانی سیاسی؟ کوا خوێندن و پەروەردە؟ کوا ماق ژنان و لاوان؟ کوا مافەکانی مناڵان؟ کوا خزمەتی خانەنشینان؟ کوا یاسا؟ کوا حکومەت؟ کوا لێپرسینەوە لەو مافیایانەی تیرۆری ئابوری کومەڵگایان کرد؟ ئەو مافیایانە کێن؟ کێ لیژنەی لێپرسینەوە دەبێ پێکبێنێت ؟ ودەبێ کێ باجی دزی و تاڵانی بداتەوە؟ جەلاد یان قوربانی؟.......

دزی و تاڵانی تایبەت نیە، بەچەند فەرمانبەری فلان دائیرەو کارگە، ویان ناوەندی وەکو خەستەخانەو کارەبا...... لەنێو ئەو دەزگاو دائیرانەدا ئەگەر واستەکردن و برێك دزیکردن هەیە، ئەوە فەساد و گەندەڵی یە، بەڵام باس باسی فەسادو گەندەڵی نیە، خۆپیشاندانەکانی خەڵکیش ئەگەر بەروکەش دژی ئەمانەیە، بەڵام لە بنەرەتدا دژی لوشدانی هەموو سەروەتی کۆمەڵگایە لەلایەن دزە زەبەلاحەکانی دەسەڵاتی میلیشیایی. وەخەڵك هەموویان ئەناسێت، وەدەزانن، تەلارە قەدبڵندەکانیان، تەنها هی ئارەقەی ناوچەوانی کریکاران و کارمەندان نیە،

کەڵەکردنی ملیونان دۆلار، هی کاروکاسبی و خستنەگەری سەرمایە نیە لە بازاری ئازاددا، ڕیزێك کۆمپانیای زەبەلاح، بەرهەمی تێکشکاندنی کۆمپانیە بچوکەکان نیە، دەرزەنێك سەیارەی دوامۆدیل و بەنزینخانە، بەرهەمی ئارەق ڕشتن نیە، ڕێگاوبان دروستکردن بۆ بەردەم ماڵە بەرپرسەکان، پرۆسەی جادەسازی کۆمەڵگا نیە، پڕکردنی بانقەکانی ئەوروپا لە دولارو یۆرو، بەرئەنجامی پارە گۆڕینەوە و خستەنەگەری سەرمایەی مالی نیە، نا ئەمانە دزی ئاشکرای ئەو داهاتەن کە بەدزین و ئاودیوکردنی ممتەلەکاتی کۆمەڵگا لەدوای راپەرینی 1991وە دەستی پێکرد، بەدزینی داهاتی نەوت بەرامبەر بەخۆراك و داهاتی بڕیاری 986 درێژە پەیداکرد، و بەدوای روخاندنی بەعسیشدا بە دزینی ئەو داهاتەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان تەرخان کراوە، پێکهاتووە. بۆیەش هەر بەرپرسی حزبەدەسەلاتدارەکان بونە خاوەنی هەموو ئەم سەروەتە خەیاڵی یە، چونکە بەرپرسی دەسەڵاتی میلیشایی بوون، هەن. هەرکام لەو بەپرسانە ئەگەر لەناو حکومەت و دەوڵەتێکدا پۆستییان بووایە، خاوەنی ئەم سەرمایە خەیاڵیە نەئەبون، یان ئەگەر رەئیسی حزب و هەڵسوراوی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن بونایە، دیسان نەیاندەتوانی ببنەخاوەنی ئەو دەریایە لە پارەو ئیمکانیات.

لەهەر شوێنکی دنیا، ئەگەر دەوڵەت و حکومەت هەبێت، و بۆنی مەدەنیەتی لێبێت، ئەگەر دزیش هەبێت "کە هەیە" لێپرسینەوەش بۆ ئەو دزی یە هەیە، کە گەندەڵی هەبێت" کەهەیە" دیسان پرسینەوەش هەیە، وەکەم نین ئەو حزب و سەرۆك و بەرپرسانەی لەئاکامی لێپرسینەوە لە دزی و فەسادیان، لەسەرکار لابران، یان ئیستیقالەیان پێدراوە و سەروەتەکەیان لێسەنراوەتەوە.

تەنانەت ئەگەر حکومەت و دەوڵەتێك کۆنەپەرست و عەسکەرتاریش بوبێت، بەوهۆیەوە دەوڵەت و حکومەت، تا ڕادەیەك یاسا و تەعوداتی سیاسی هەیە، سنوریك بۆ دزی و لوشدانی سەروەتی کۆمەڵگا دانراوە، لە کوردستاندا چونکە هیچ کام لەوانە نین، نە لێپرسینەوەیەك هەیە و نە تەعەهوداتێکی سیاسی ویاسایی. دەسەڵاتی میلیشیایەك کەلەکوردستان هەیە، تاسەرمۆخ کۆنەپەرست و سەرکوتکەرە، مەبدەئی هەموو داهات هی خۆمە، بەشی خەڵکیش هی خۆمە، ئەوەی بشلێت" نا" دەڵێن ئەوە دژی ئەزمونی کەم وێنەی دیموکراسی یە!.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەکوردستان

لەوکاتەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بەشێوەیەکی بەرجەستە دەستی پێکردوەو بۆتە گوشار لەسەر دەسەڵات، باسی ئەو هۆکارانەی کە بونەتە سەرهەڵدانی ئەم خۆپیشاندانانە لێرەو لەوی دەکرێت، منیش بەپێویستی دەزانم سەرەکی ترین ئەوهۆکارانە باس بکەم.

هۆکاری ئەوەی دوای نزیك بە 15 ساڵ تازە بەتازە ڕادەی نارەزایەتی خەڵك بەئاستی خۆپیشاندانی جەماوەری گەیشتووە، یەکەم: ئاسەواری ئابلۆقەی کەمەرشکینی ئابوری لەسەر خەڵك تاڕادەیکی زۆر لاچووە، ئەمە وای کردووە، کە لە لایەکەوە خەڵك بوژانەوەیەك بە خۆیەوە ببینێت، و بەوپێ یەش تەوەقوعاتی خەباتکارانەی خەڵك بەرەو سەر بچێت، ئەگەر پێشتر و لەئاکامی گەمارۆی ئابوری خەڵك برستی لێبڕابوو، مانەوەی فیزکی ببوو بەئاواتی خەڵك، بە لاچونی ئەم کابوسە، نەك مانەوەی فیزیکی بەڵکو ژیانی باشترو دەستڕاگەیشتن بە پێداویستی وخۆشگوزەرانیو بەهرەمەندبوون لە ئیمکاناتی کۆمەڵگا، و زانستی سەردەم، بۆتە خواستێکی هەرئەمرۆیی، ئەمەش لەقەدوقیافەی دەسەڵاتی میلیشیای ناوەشێتەوە، بێت و ئەم خواستانە بۆ خەڵك فەراهەم بکات.

2: نەمانی بەعس وەکو دێوەزمەیەك هۆیەکی تریەتی، تابەرلەکەوتنی ئەم رژیمە، هەمیشە ئەحزابی قەومی کورد، بەعسی درندەیان پیشانی خەڵك ئەدا، بەکەوتنی ئەم ڕژێمە ئەو بیانووە بەدەست ئەحزابی قەومی کوردەوە نەماوە، تا ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستانی پێ بترسێنن و بڵێن جاری هەرەشەمان لەسەرە. ئێستا ئیتر زیاتر لەدوو ساڵە بەعس نەماوە، بەڵام گوێنەدان بە پێداویستیەکانی خەڵك و فەرهودی کۆمەڵگا، لوشدانی داهاتەکان بەئاشکرا، لەپاڵ سەرکوت و بێمافیدا، برستی لەخەڵك بڕیووەو خەڵك ئامادەنی یە چیتر تەحەمولی ئەم وەزعیەتە بکات.

3- هاوکات بەدوای کەوتنی بەعسدا، ئیمکانیاتێك کە لەژێرناوی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە لایەك و بەشە داهاتی ئەم هەرێمە کە دەهێنریتەکوردستان بێ سابیقەیە، ئەو هەموو داهاتەش دیسان لەلایەن ئەحزابی قەومی کوردەوە لوش ئەدرێت، لەبری ئەوەی بدرێت بەخەڵك و سەرف ئاوەدانکردنەوە بکریت.

هەموو ئەمانە وایان کردووە، کە خەڵك بێنە مەیدان، بەمەبەستی سنوردانان بۆ ئەم دزی و تالانی یەی کەهەیە، وەهاوکات بۆ ئەوەی بەهرەمەندبن لەبەشێك لەو داهاتەی کە هی خۆیانە.

## سەرکەوتنی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتی یە جەماوەریانە لە گرەوی چیدایە؟

هیچ شتێك لەوە بەرهەقتر نیە، خەڵك بێتە مەیدان و داوای ئاو وکارەبا، داوای ڕێگاوبان و سوتەمەنی، داوای کرێ ی زیاترو کار یان بیمەی بیکاری، دوای خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و تەرفیهی، داوای ئازادی سیاسی و بیروبارەرو مانگرتن و خۆپیشاندان، داوای یاساوریسای پێشکەوتوانەو متەمەدینانە،........تاد،بکات.

خواستی خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی تائێستاش لەوانە زیاتر نەبووە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی جگە لە ئیعتراف بەگەندەڵی و فەسادی ئیداری، وەجگە لەوەعدەو بەڵێنی درۆ بەکردەوە هیچی نەکردووە، جگە لەبەردەوامی فەسادی و گەندەڵی، ئاشی دزینی بە لێشاو و

لوشدانی داهاتی کۆمەڵگا هەر دەگەرێ، هاوکات ناوناتۆرەی وەکو ئاژاوەگێری و دەستی دوژمنانی دیموکراسی، لەپاڵ سەرکوت و زیندانی و هەرەشەکردن، گەرمترە.

ئەگەر بڕیاربێت ئەو خۆپیشاندانە جەماوەریانەبە شوێنێك بگەن، ئەگەر بڕیار بێت دەسەلات مل بدات بەخواستەکانی خەڵك، رێگا تەنها پەرەدانە بەخەبات و ناڕەزایەتیەکان، تەنها بەندە بەیەککگرتووی یەکپارچەیی، بەندە بەسەراسەری بونەوەی نارەزایەتەیەکان، وە بەندە بە هێنانەگۆری دروشمو خواستی رۆشن، ئەمەش بەبێ کۆبونەوە جەماوەریەکان لە کارگەوناوەندەکان، لەگەرەك و دائیرەکان، و بەبێ هەڵبژاردنی نوێنەرانی واقعی هەرکام لەو کارگەو ناوەندو گەرەك و دائیرانە، ناکرێت، بۆیە دەبێت شوێنی کارو ژیانی خەڵکی ببێتە مەیدانی وەڕێخستنی کۆبونەوە گشتی یەکان، هەڵبژاردنی نوێنەران، وەدیاری کردنی دروشم و داخوازیە هاوبەشەکان و لێکگرێدانی ئەم داخوازیو دروشمانەو سەراسەری کردنەوەی لەسەراسەری کوردستاندا، بۆنمونە دەبێ دەستەی داکۆکیکردن لە داخوازیەکانی جەماوەر، لەنوێنەرانی هەڵبژێردراوی هەموو شارو شارۆچکەکان پێك بێت، و مانگرتن و خۆپیشاندانی سەراسەری وەڕێ بخەن، تا بە هێزی گەوەترو عەزیمترەوە، گوشار بخەنە سەر دەسەلات.

خۆپیشاندانی لێرە لەوێ بۆداخوازی هاوبەشو سەراسەری، ناتوانی سەرکەوتنی گەورە مسۆگەربکات، ناتوانێ ببێتە گوشاری گەورەو کاریگەری جدی، بۆیە یەکێك لەو ئەرکانەی کەدەبێ ڕابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە شارەکانی کوردستان دەستی بۆ ببەن، پێکهێنانی دەستەی رابەریکردنی و ڕێکخستنی نارەزایەتیەکانە لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرانی هەموو شارو شارۆچکەکانەوە، تا بەیەکەوە نەخشەی داسەپاندنی خواستەکان دابنێن، و بزوتنەوەی جەماوەری گەورەی بۆ وەڕی بخەن.

وەلەهەنگاوی یەکەمدا دەبێ داخوازی:

1- بەرەسمی ناسینی مانگرتن و خۆپیشاندان و ئازادی سیاسی .........بەرەسمی بناسرێت.
2- لەزوترین کاتدا کێشەی ئاوکارەباو سوتەمەنی، و ڕێگاوبان چارەسەر بکرێت.
3- دەبێ بەشە داهاتی خەڵکی کوردستان تەسلیم بە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان بکرێن.
4- دەبێ ئاماری داهات و سەرفیاتی 15 ساڵی رابردوی کوردستان، بخرێتە بەردەم خەڵکی کوردستان.
5- دەبێ لیژنەی هەڵبژێردراوی خەڵك چاودێری ئەو پرۆژانە بکات، کە ئێستا کاریان تیادەکرێت.
6- دەبێ سەرچاوەی سەروەتی بەرپرسەکانی هەردوو حزب، ئاشکرا بکرێت، و بخرێتە بەردەم لێکۆڵینەوەی یاسایی یەوە.
7-

ئەمانە ئەو داخوازیە سەرەتایانەن کە دەبێ بەدەستەوە بگیرێن.

مەسەلەیەکی گرنگتر کەدەبێت بەرەی رادیکاڵو پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگای کوردستان فەرامۆشی نەکەن ئەوەیە، کە چاوەروانی لەدەسەلاتی میلیشیایی بەوەی دەست لەتالانی و لوشدانی داهاتی کۆمەڵگا هەڵبگرێت، شتێکی ناچاوەروانکراوە، بەتایبەت کەدەست بەسەراگرتنی داهات و لوشدانی سامانی کۆمەڵگا یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی دەسەلاتی میلیشیایی یە. بۆیە ئەگەر خۆپیشاندان لەدژی گەندەڵی و فەسادی ئیداری کە مەسەلەیەکە، ئەبێ جیابکرێتەوە لە دزینی ئاشکرای مافیایی و لوشدان و تیرۆرکردنی داهاتی کۆمەڵگا. بۆیە ئەگەر خۆپیشاندانو ناڕەزایەتی جەماوەری لەدژی فەسادی ئیداری و گەندەڵی مەسەلەیەکی جدی یەو لە زۆر شوێنی دنیاش هەیە، دەبێ لەدژی لەمەیداندا بین، بەهەمان ئەندازە زیاتریش مەسەلەی کۆتاییهێنان بەدەسەلاتی میلیشیایی مەسەلەیەکی گرنگە و ئەم شێوە دەسەلاتە وێنەی نیەو سەردەمی بەسە رچووە و دەبێ بڕوات.

لەکوردستان دەبێ ناسنامەی هاولاتی بوون بۆ خەڵکەکەی بگێردرێتەوە، دەبێ ئەم خەڵکە خۆیان نەك کەسی تر، بەخەباتی خۆیان، بڕیارلەسەر ئایندەی سیاسی خۆیان بدەن، کە دەیانەوی لە عێراقدا بمێنەوەو ببنەوە بەبەشێك لە عێراقی قەومی و عەربی، یان جیاببنەوەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێکبهێنن، کە خاوەنی ناسنامەی جغرافی لە نەخشەی دنیادا، ناسنامەی هاولاتیبوون، بێت. ئەوە ئەو رێگایەیە کە بە پێکهێنانی دەوڵەتێکی سکولاری غەیرە قەومی دەتوانن هەم خۆیان لەدەست بەزۆرلکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە رزگار بکەن و هەم کۆتایی بەدەسەلاتی میلیشایی بهێنن، کە دزی و لوشدانی داهات، کە شەڕی ناوخۆیی و خۆشخزمەتی بە بەرەی کۆنەپەرستی، فەلسەفەی بون و مانەوەیەتی.

2005-9-27